# که تۆم هەبێ

زارا ئەحمەد جاف

که تۆم نەبێ
من چیبکەم لێرە
چیبکەم لەو هەموو خەیاڵانەی
فرمێسکیان دەڕژێتە
تێشووی تەمەنمەوە؟
که تۆ نەبی
چۆن بەدەم ئەو زامانەوە بچم
که بۆیان نەبووی بەهانایەک؟
وان ئێستاش بەکوڵمەوە
ئاخر که تۆ نەبی
دەچمەوە دۆخەکەی جاران
له دیار ئێشکی فیراقتدا
ڕادەمێنم و
سەربردەی هەستە شاراوەکانت
کۆدەکەمەوە.
که تۆ نەبی
ڕەنگە ڕێی ئاسمان ون بکەم و
چێژی ماچی بارانم بیر بچێتەوە!
لەوەش دەترسم
شەونمیش لەوە دڵڕەقتربێت و
نەیەت بەهانای
نەزیلەی پەڕەی گوڵێکەوە
دەزانی؛ که تۆم هەبێ
بێزارییم نغرۆ دەکەم
ڕوو لە نەزمی سەما دەکەم و
عاشقێکی سەرەڕۆ نامێنم
که تۆم هەبێ
جەنگیش کۆتایی دێت و
نیشتیمانیشم بۆنی غوربەتیی نادا!